## ئاین لەنێوان گێژاووی توندرەووی و لیبرالیزم ... وەهاب شاه محمد

هەر لە سەرەتای بەرپابوونی هەموو ئاینێک، چی ئاسمانێکان بن یان ئەوانەی درووستکراووی مرۆڤەکان خۆی، هەمیشە کەسانێک بوون هەوڵی بەکارهێنانی ئاینیان بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی و کۆمەلایەتێکانی خۆیان بەکار هێناوە. مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە کارەساتی دڵتەزێن کە کەسانێک یان لایەنانێکان ئاینیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسێکان، کە لە راستیدا زۆر دوور و دژ بە هەموو فەلسەفە ئاینێکان بووە.
هیچ کام لە ئاینە ئاسمانێکان رێگا بە بەکارهێنانی توندرەووی نادات بە رامبەر کەسانێک، یان لایەنانێک کە بیروبۆچوونیان، یان باوەری ئاینیان لەگەڵ ئەو ئاینانە ناگونجێ، ئەمەش زۆر بە ئاشکراو روونی بەرچاودەکەوێ لە پیاچوونەوەیێک بەو ئاینە ئاسمانیانە.
ئاینی ئیسلام کە بە دووا ئاینی ئاسمانی و تەواوکەری هەموو ئاینەکان ناسراوە، زۆر بە روونی رێز لە بیروباوەری ئاینەکانی تر دەگرێ و باس لەوە دەکات کە خەڵکەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئەو باوەرە ئاینەی هەیانە.
ئاینی ئیسلام داوا لە هەموو موسڵمانان دەکات کە پێش باوەرهێنان بە ئاینی ئیسلام پێویستەو دەبێ باوەریان بە ئاینە ئاسمانێکانی تر هەبێت، وەک ئاینی کرستیانی (مەسیحی) یان ئاینی جووی (جوولەکە) ، لەبەرئەوەشە دەبینی زۆر باس لەو ئاین و پێغەمبەرە کۆنانە دەکات و رێزێکی تایبەتی بۆ دادەنات لای موسڵمانان. ئاینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی ئەمرۆ خۆیان بە نێونێنەری ئیسلام و باوەرەکەی ناو دەبەن، کە هەموو کارێکی نارەوا بەناوی ئەو ئاینەوە ئەنجام دەدەن، داوای یارمەتی و هاوکاری کردنی هەموو ئەو کەسانەی تری غەیرە موسڵمان دەکات لە کاتی تەنگانە. ئیسلام وڤک ئاینێکی ئاسمانی زۆر بە توندی دژ بە هەموو کوشتارێکی ناهەقی و نارەوا بەرامبەر کەسانی تر دەوەستێ و دژایەتی دەکات، وە کاری لەو جۆرەش بە گەورەترین گوناه بەرامبەر ئیسلام و باوەرەکەی ناو دەبات.
ئەمرۆ، زۆر بەداخەوە کەسانێک یان لایەنانێک هەن کە خۆیان کردووە بە نێونەری ئیسلام و باوەرەکەی، زۆر جاریش رۆڵی خواش دەبینن لە سەر زەووی ئەویش بە کوشتن و سزادانی خەڵکانێک کە بیروبۆچوونیان لەگەڵ ئەو لایەنانە ناگونجێ. کوشتنی خەڵک و سزادانیان تەنها کاری خوا خۆیەتی، کەسی تریش مافی ئەوەی نیە ئەو رۆڵە ببینێ و خۆی بکات بەخاوەنی ئەو کارە. ئاینی ئیسلام هەروەک ئاینە ئاسمانێکانی تر هەمیشە پاڵ بە کەسەکانەوە دەنێ بۆ نزیک بوونەوە لەیەکتر و تێگەیشتن لەیەکتر نەک ئەوەی کە ئەولایەنە توندرەوانە باسی لێوەدەکەن.
ئەگەر ئاینی ئیسلام و ئاینە ئاسمانێکانی تر لە کاتی هاتنەخوارەویان بەو جۆرە بووایە کە ئەو گرووپە تیرورست و توندرەوانە باسی لێوەدەکەن، ئەوا هیچ کەس نابوو بە موسڵمان یان کرستیان، هەموو خەڵکیش دژ بەو ئتینانە دەوەستا.
ئاین وەک فەلسەفەیێکی رێکخستنی کۆمەڵ کاری پۆزەتیڤانەی زۆری بۆ مرۆڤایەتی ئەنجام داوە، هەمیشەش رێپێشاندەر بووە بۆ ئەو کەسانەی کە ناهەقی و زوڵمیان بەرامبەر کەسانی تر بەکارهێناوە، زۆر بە توندیش ریسوایانی کردووە.
ئەمرۆ زۆر کاری نارەواو ناهەق بەرامبەر کەسان و کۆمەلانی خەڵک بە ناوی ئیسلام و باوەرەکەی ئەنجام دەدرێ، ئەم کارانەش بووەتە هۆێ مەترسی پەیداکردن بەرامبەر هەموو موسڵمانان، چی ئەوانەی پەیرەوی ئیسلام دەکەن، یان ئەوانەی وەک ناسنامەی ئیسلامیان

هەیە. بوون بە ئیسلام لە زۆر وڵتانی جیهانی غەیرە ئیسلام بە چاوێکی گومان و بێ باوەریەوە چاوی لێدەکرێ، هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو لایەن و کەسانەی باوەرە ئیسلامێکەیان بە گوێرەی بەرژەوەندیە سیاسی و کەسایەتێکانیان وەردەگێرن، کە لە راستی دا زۆر دوورە لەو شتانەی ئەوان باسی لێوە دەکەن.
پێویستە زانایای ئیسلامی ناسیاسی چالاکانە باس لە راستێکانی فەلسەفەی ئیسلام بکەن، لە هەمان کات زۆر بە توندی دژ بە هەموو ئەو کەسانە راوەستن کە کاری نارەواو توندرەووی بە ناوی ئیسلام و باوەرەکەی ئەنجام دەدەن. پێویستە ئەو زانایانە لەگەڵ شارەزایانی تایبەت لە بوارە کۆمەڵایەتی وسیاسێکان لە رێگای سیمناری بەردەواو میدیاکانەوە خەڵکی لە رووداوە رۆژانەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتێکان ئاگادارکەنەوە، نەک تەنها کاروو چالاکێکانیان بەسترابێتەوە بە کارە تیروورستێکانی رووئەدرێ.
پێویستە شێوازی تایبەتی خوێندنی ئاین بەکاربهێنرێ، کە گونجاوبێ لەگەڵ دنیای ئەمرۆ، خوێندنێک بێ کە هەوڵ بۆ نزیک کردنەووەی ئاین و کلتورەکان بدات، نەک دوورخستنەوەیان لەیەک. پێویستە شێوازی خوێندنی ئاین ببێ بە تێگەیشتن و رێزگرتن لە ئاین و باوەرەکانی تر، نەک درووست کردنی رق و قینە لە دڵی کەسانی موسڵمان. پێویستە خوێندنی ئاین تەنها لەسەر ئاینی ئیسلام نەبێت، بەڵکو ئاینە ئسمانی و غەیرە ئاسمانێکانیش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێ بە بابەتێکی زانستی فراوان لای خەڵکی موسڵمان.
ناشارەزای و شێوازی فێرکردنی توندرەو بەرامبەر ئاینەکانی تر تەنها خەڵکانێک دێنێتە بەرهەم کە بیرێکی تەسکی ئاینیان هەبێ بەرامبەر هەموو ئەوانەی بیرووبۆچوونیان لەگەڵ ئەوان نەگونجێ. نەبوونی شارەزای بەرامبەر ئاین و باوەرەکانی تر ترس و گومان لای خوێندکاری موسڵمان پەیدادەکات.
پێویستە مێدیاکان، چی رۆژنامە بێ یان ئەلکترۆنێکان، بابەتی تایبەت لەسەر ئاینە ئاسمانی و غەیرە ئاسمانێکان پێشکەش بە بینەروو خوێنەر بکەن، چوونکە لەو رێگایانەوە دەکرێ کارتێکردنێکی بە سوود وەدەست کەوێ لای خەکی موسڵمانان.

Shah. waha@gmail. com